# زانایانی کورد لە بەغدا لە لوتکەی زانستی و مەعریفەتدا

د. ئەحمەد شەریعەت پەنا[1]

١ نووسەر، وەرگێر، توێژەر، مامۆستای ئایینی لە مەهاباد، shariatpanah.ahmad1@gmail.com

**پوختە:**

هەر لەو کاتەوە بناغەی شاری بەغدا دانراوە بە دوو هۆکار کورد خۆی لەو شارە دا دیوەتەوە و جێگە و پێگەی تایبەت و دیاری هەبووە، چونکە بەغدا پایتەختی شارستانیەتی ئیسلامی وەدست هێناوە و گەلی کورد کە هەر زۆر زو هاتووەتە ناو ئیسلامەوە و لەو شارستانیەتەدا خۆی بینیوەتەوە و بووە بە کۆڵەکەی سەرەکی ئەو پایتەختە بە تایبەت کە بیروڕای لە بواری مەزهەبو عیرفانو تەسەوفەوە لەگەڵ ئەو شارە یەک بووە، جیرانیەتی و ناوەند بوونی ئەو شارەش شوێن دانەر بووە لەسەر دیار بوونو بەرچاوبوونی ڕۆڵی زانایانی کورد لە بەغدا.

زانایانی کورد لە کۆمەڵگەی بەغدا وەک وانەبێژ و فێرخواز لە هەموو بوارەکانی زانست لە هەر دوازدە عیلمەکە بە تایبەت لە زانستی شەرع و شەریعەتی ئیسلامی و بڵاو کردنەوەی مەزهەبی ئیمامی شافیعی ڕۆڵی بەرچاوی خۆیان نیشان داوە و پلەوپایەی موفتی بوونیان سنووری وڵاتانی بڕیوە. لە کۆتایی دا دەتوانین بڵێین ئەگەر چی بەغدا پایتەختێکی عەرەب نشینە بەڵام کاریگەری پێکهاتەی کوردان بە درێژایی مێژووی ئەو شارە بەسەر عالمان و حاکمانی دیار و بەرچاو بووە. ئەم لێکۆڵینەوە باس لە ڕۆڵ و جێگە و پێگەی زانایانی کورد لە ڕابردووی بەغدا دەکات.

**کلیله وشه:** ئیسلام، کورد، زانایان، زانست، بەغدا، لوتکە.

## 1. پێشەکی:

"لەگەڵ سەرهەڵدانی حاکمانی عەباسی لە میزۆپۆتامیا و بنیادنانی بەغدا کە نازناوی دار الخلافەی بەدەستهێنا کە گرنگی سیاسی و ئابووری هەیە؛ هەرێمێک کە گەشەیسەند و پێشکەوتنی ئابووری لە جیهانی ئیسلامدا بە خووە بینی و گۆڕانکاری چڕی لەو شوێنە جوگرافیا تایبەتە کە شوێنێکی نایاب لە بواری بازرگانیدابو بەدی هێنا " (گواری، تبیین موقعیت تجاری بغداد در دورۀ اول خلافت عباسی 132-232 ق، 1400 ە: 403) .

حیکمەتی خودا بڕیاری داوە ئەو خاکەی ئێستا بەغدای لەسەر بنیاد نراوە لە دوای هاتنی ئیسلام و لە سەردەمە جیاجیاکاندا نیشتەجێ بەخویەوە دەبێنێت و خەڵکان روی تێدەکەن دەیانەوێت ڕۆڵیان لە بنیاتنان و گەشەسەندنیدا هەبێت، بۆ ئەوەی لە هەموو ڕوویەکەوە پێگەی خۆی بە لوتکە بگەیەنی و لە قۆناغێکدا ناوەندی جیهانی ئیسلامی بۆ خۆی بەدەست بێنێت. چونکە تێکەڵ بە زانستو هونەرە، بەتایبەت زانستە ئیسلامیەکانی قورئان و فەرمودە، زانا و عارفی لە هەموو لایەکەوە بۆ خۆی ڕاکێشاوە، گرنگی زانست وایکردووە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پێگەی ئەم شارە زیاتر دەرکەوێت و ناوی لە نێو ناوی شارەکانی جیهاندا وەدروشێت، ئەمەش وایکردووە لە لایەنی جۆراوجۆری سیاسی، سەربازی، ئابووری، ئەمنی، کۆمەڵایەتی و هتددا خۆی بدۆزێتەوە، هەروەها کورد دەتوانێت بە شێوەی جۆراوجۆر ڕۆڵی خۆی لەم شارە گرنگەدا بدۆزێتەوە و ڕۆڵی خۆی لە گەشەسەندنی زانستی و ڕۆشنبیری بگێرێت و ناوی باشی بە درێژایی سەدەکانی ڕابردوو لە مێژووی ئەم شارەدا درەوشاوتەوە و ماوتەوە.

## 2. بەشی یەکەم:

### 2-1 گرنگی توێژینەوەکە:

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):**1813-0852, **ISSN (Online):**2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/**, **Conferance Name[**Kurdish scholars in Baghdad were pioneers of thought and sources of knowledge.], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12389]
- **Submission Date:** [2026/1/16], , **Accepted Date:** [2026/2/21], **Published Date:** [2026/8/2]

له کونه‌وه زانایانی کورد به هه‌مو هێزو پێزی خویانه‌وه هه‌وڵیانداوه ڕه‌نجیان کێشاوه له پێناو فێربون و فێر کردن وڵاتی خویان جی‌هێشتوه، غه‌ریبیو دوره وڵاتیان به هه‌مو ناخوشیه‌کانه‌وه به گیان کڕیوه، خه‌زمه‌تی وان له به‌ر چاوی گه‌لانی موسوڵمانه، ناویان له سه‌ره‌وی ناوان دانراوه به ڵام ئیمه‌ی کورد خاوه‌ن داریان لی ناکه‌ین و هه‌وڵ ناده‌ین لانیکه‌م بو خومان بیانناسین و به‌وه‌چه‌ی داهاتویان به‌ناسێنین و به شانازیه‌وه به خومان و له خومانیان به‌زانین. گرینگی ئه‌و توێژینه‌وه له‌وه دایه کومه‌ڵێک له زانایانی کورد که له به‌غدا به‌رچاو بون، به شێوێکی کورت باس له ژیانو جێگه‌و پێگه‌یان کراوه.

## 2-2 ئامانجی توێژینه‌وه‌که:

ئامانجی ئه‌و توێژینه‌وه وبه‌رچاو خستنی ڕوڵو کاریگه‌ری زانایانی کورده له به‌غدا به درێژای مێژوی دروسبونی به‌هوی کاریگه‌ری به‌ر چاوی به سه‌ر جیهانی ئیسلامیدا.

## 2-3 پرسیاری توێژینه‌وه‌که:

1- ئایا دامه‌زراندنی به‌غدا له ماوه‌ی سه‌ده‌کانی ڕابردوودا گرنگییه‌کی تایبه‌تی هه‌بووه؟

2- ئایا کورد توانیویه‌تی له ڕه‌هه‌نده جۆراوجۆره زانستیو کۆمه‌ڵایه‌تیو ئابوورییه‌کاندا ڕۆڵ ببینێت له به‌غدا؟

3- کورد به درێژایی مێژووی به‌غدا توانیویه‌تی چه ڕۆڵێک ببینێت؟

## 2-4 گریمانه‌ی توێژینه‌وه‌که:

1- دامه‌زراندنی به‌غدا بۆ فه‌رهه‌نگ و شارستانیه‌تی جیهانی ئیسلامی گرنگییه‌کی تایبه‌تی هه‌بووه و نزیکه‌ی پێنج سه‌ده‌ش پایته‌ختی خه‌لافه‌ت و ناوه‌ندی جیهانی ئیسلامی بووه.

2- به سه‌رنجدان به نیزیکی و هه‌ڵکه‌وته‌ی کوردستان له جوگرافیای سیاسی جیهانی ئیسلامی و گرنگیدان به ئایینی ئیسلام و نیزیکی کوردستان له به‌غدا، کورد توانیویه‌تی له ڕووی سیاسی، سه‌ربازی، زانستی، ئابووری و کۆمه‌ڵایه‌تییه‌وه ڕۆڵی خۆی بگێرێت و به درێژایی مێژووی دامه‌زراندنی به‌غدا، کورد ڕۆڵی خۆی به باشی گێڕاوه، به تایبه‌ت له ڕووی زانست و ڕاهێنانی زانایانی ئایینی ئیسلامیه‌وه.

4- له سه‌ره‌تای دامه‌زراندنی به‌غداوه وه‌ک پایته‌ختی جیهانی ئیسلامی، کورد توانیویه‌تی له ڕوانگه‌ی سیاسی، سه‌ربازی، ئابووری، کۆمه‌ڵایه‌تی و زانستییه‌وه ڕۆڵی موفتی، وه‌زیر، پارێزه‌ر، مامۆستا، فه‌رمانده‌ی سوپا و سه‌رۆک کۆمار ببینێت.

## 2-5 شێوازی توێژینه‌وه‌که:

له‌و وتاره‌دا شێوازی توێژینه‌وه له سه‌ر بنه‌مای لیکوڵینه‌وه، له‌سه‌رچاوه مێژوویه‌کانه که به شیوی توسیفو تحلیل ئه‌نجام دراوه.

## 2-6 گرفتی توێژینه‌وه‌که:

له کاتی ئه‌و توێژینه‌وه‌دا توشی گرفت گه‌لێکی جوراوجور بوین، بووێنه؛ ئینته‌رنێت بو ماوه‌ی مانگێگ له ئیران پچڕا، زانکویه‌کان داخران، نه‌بونی په‌رتوک خانه‌یکی دوڵه‌مه‌ند که خاوه‌نی ئه‌و سه‌ر چاوانه بێت که بو ئه‌و توێژینه‌وه پێویستن جگه له به‌های به‌رزو له ڕاده به‌دری پرتوک که بوته هوی ئه‌وه‌ی به دڵی توێژر توێژینه‌وه ئه‌نجام نه‌درێت.

## 2-7 پێشینه‌ی توێژینه‌وه‌که:

ته‌واوی کتێبه مێژویه‌کان که مێژوی زانیانی کوردیان تومار کردوه دبنه پێشینه‌ی ئه‌و توێژینه‌وه‌یه چونکه ناوو مێژووی یکه‌یکه‌ی ئه‌و زانیانه‌ی ناو براون له ناو په‌رتوکیک له په‌رتوکه‌کاندا هن که له سه‌رچاوه‌کاندا باس کراون له‌و توێژینه‌وه‌دا زۆور به کورتی مێژووی چه‌ن دانه له‌و زانا کوردانه نوسراوه که له گه‌ڵ دروستبونی نیزامیه‌ی به‌غدا له به‌غدا بون و چند زانایک له ناوچه‌ی موکریان که له به‌غدا پله‌و پایه باشی زانستیان ورگه‌رتوه و له بواری علیمیدا به سه‌ر به‌غدا و کومڵگه‌ی کورده‌واریدا شوین دانه‌ر بون، ئه‌و توێژینه‌و له جی‌خویدا کاریکی تازه‌یه و دتواندرێت که‌ڵکی لی ورگیرێت.

## 2-8 چونه ناو باس:

دوای بنیادنانی به‌غدا به‌ده‌ست ئه‌بو جه‌عفه‌ر منسووری عه‌باسی له ساڵی (762م) که به (دار الخلافه یان دارالسلام) ناو نرا (الدخیل، الفوز باالمراد فی تاریخ بغداد، 2003م: 9 ویکی‌پیدیا). له سه‌ره‌تای ئیسلامه‌وه تا ئێستا مزگه‌وته‌کان گرینگترین قوتابخانه بوون بۆ په‌روه‌رده‌کردنی قوتابیان (رجاء مهدی الاشهب، برهان الدین الجعبری وآثاره العلمیّة فی‌العصر العباسی، 2022م: 20).

له سه‌ده کانی سه‌ره‌تای هاتنی ئیسلام له ته‌نیشت مزگه‌وته‌کان حوجره دروستکرا و قورئان و فه‌رمووده و فیقه له‌و ژوورانه‌دا خوێندراوه و پراکتیزه کراوه، به درێژایی مێژوو کتێبی به‌شێک له زانایانی کورد له قوتابخانه‌کانی به‌غدا، قاهیره، دوو مزگه‌وتی پیرۆز (مه‌ککه و مه‌دینه)، ئیسفه‌هان، مه‌راغه، به‌تلیس، دیمه‌شق، شاره‌زوور و شاره‌کانی دیکه‌ی ئیسلامی خوێندراون، به‌ڵام جێگای داخه که هه‌ندێک له مێژوونووس و نووسه‌ران به شاردنه‌وه‌ی ده‌ستکه‌وت و ناسنامه‌ی کورد خیانه‌ت له ڕاستگۆیی زانست ده‌که‌ن و به ئه‌نقه‌ست که‌سایه‌تییه دیار و زانا ناوداره‌کانیان ده‌گه‌ڕێننه‌وه بۆ گه‌لانی دیکه له نه‌زانی و یا ڕق و کینه‌ی پێشوه‌خته (البرواری، دور علماء الکورد فی نشر المعارف الاسلامیة و بناء الحضارة االانسانیة، 2013م: 1) .

ئه‌گه‌ر زانایانی کورد و پێش گه‌لانی تری ناوچه‌که نه‌که‌وتبن بۆ فێربون و فێرکردن له زانست و دوا نه‌که‌وتوون و به دوا زانست دا گه‌ڕاون و بڵاویان کردۆته‌وه (محمودیان، تصحیح حواشی البیتوشی علی کتاب «مجیب الندا الی شرح قطر الندا 1404 ه: 3).

## 2-9 یه‌که‌مین قوتابخانه‌ی فه‌رمی له به‌غدا:

له سه‌ده‌ی پێنجه‌می کۆچیدا (١٠٩٢م) وه‌زیری سه‌لجوقیه‌کان نیزامئه‌لمولکی توسی به‌ناوبانگترین قوتابخانه‌ی ئیسلامی شافیعی ناسراو به قوتابخانه‌ی نیزامییه له به‌غدای پایته‌ختی خه‌لافه‌تی عه‌باسی دامه‌زراند، نیزام

ئەلمولک سیستەمێکی نوێی بۆ بەڕێوەبردنی ئەم قوتابخانە و لقەکانی دارشت، سیستەمێک کە لەنێو لایەنگرانی فێرگە فیقهیەکانی پێش خۆیدا بێ وێنە بووە.

نیزامئەلمولک لە دامەزراندنی ئەو قوتابخانانەدا چەند ئامانجێکی پەیرەو کردوە، لەوانە بەرپەرچدانەوەی بیری شیعە، جگە لە دابینکرنی فەرمانبەری لێهاتوو و خوێندەوار بۆ حکومەت، بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان، پرۆژەی نیزام ئەلمولک بۆ دامەزراندنی نیزامیە سەرکەوتنێکی بەرچاوی بەدەستهێنا، ژمارەی خوێندکارانی ناونوسراو گەیشتە هەزاران خوێندکار لە ناوچە جیاجیاکانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامییەوە پەیوەندییان پێوە کرد، هەروەها بەشێکی زۆر لە خوێندکارانی ناوچە کوردیە جیاوازەکان بەشداریان کرد و کۆمەڵگەیەکی ناسراویان لەناو قوتابخانەکەدا پێکهێنا، باس لەوە دەکرێت کە ئەوان لەگەڵ هاوتەمەنە غەیرە عەرەبەکانیان ناکۆکیان هەبووە، ئەمەش لە زۆری ژمارەیان لەم قوتابخانەیەدا ڕەنگ دەداتەوە کە گەورەترین دامەزراوەی زانستی سەردەمی خۆی بووە، لە نێو ئەو زانا کوردانەی کە تا ڕووخانی خەلافەتی عەباسی لە ساڵی ١٢٥٨ میلادی لە نیزامیەی بەغدا تۆمار کراوون، نزیکەیی بیست و پێنج زانا و مامۆستا و فەقێهی شافیعی باس دەکرێن (یاسین طه، مشاهير علماء الكرد في نظامية بغداد، 2017م: 20).

کورد ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە گەشەسەندنی شارستانیەتی ئیسلامیدا و لە نێویاندا زانایانی زانستە جۆراوجۆرەکان سەریان هەڵدا و بە زیرەکەی خۆیان داهێنانیان کردووە کە ڕۆڵێکی گرنگیان لە گەشەسەندنی زانست و هونەردا بووە، لە نێو ئەو کەسانەی کە ڕۆڵی گرنگیان لە بەدەستهێنان و بڵاوکردنەوەی زانستدا هەبووە، دەتوانرێت ئاماژە بەم زانایانەی خوارەوە بکرێت:

### 3. بەشی دووەم:

### 3-1 فایەقی، ئەحمەدی کوڕی یوسف:

فاریقی ئەحمەد کوڕی یوسف کوڕی عەلی کوڕی ئەزراق لە ساڵی ١١١٦م، لە شاری میافاریقین لەدایک بووە کە سەر بە بنەماڵەیەکی دیاری کورد بووە؛ باپیری والی شاری حەسن کەیفە بوو، چووەتە بەغدا و زانستەکانی قورئان، فەرموودە و زمان و ئەدەب و جوگرافیای خوێندووە، سوودی لە زانایانی دیارو بەرچاوی ئەو شارە وەرگرتووە، بەڵام زیاتر حەزی لە مێژوو بووە و چەندین پۆستی ودەستهێناوە (نوال ناظم محمود، دور علماء الكرد في الحياة العلمية فيالعصر العباسي الثاني، 2017م: 337).

### 3-2 مامۆستا مەلا خدر هەولێری:

ماموستا خدر هەولێری، کە لە بەغدا زانستەکانی عەقڵ و نەقڵی (معقول و منقول)خوێندووە، پاشان حاکمی هەولێر لە ساڵی ١١٣٨م لە قەڵای ئەو شارە قوتابخانەیەکی بۆ دامەزراندووە و لەم قوتابخانەیە وانەی وتوتەوە، وە لە فیقهو لێکدانەوەدا زۆر بە توانا بووە (نوال ناظم محمود، دور علماء الكرد في الحياة العلمية فيالعصر العباسي الثاني، 2017م: 340).

### 3-3 قازی ئەبو ئەلقاسم یوسف:

قازی ئەبو ئەلقاسم یوسف کوڕی ئەحمەد کوڕی کاج دینوری (کۆچی دوایی ٥٠٤ه)، یەکەمین فەقێهی شافیعی کوردە، هاوەڵی ئیمام ئەبو حەسەنی کوڕی قەتانەیە بەشداری دانیشتنەکانی ئەلوەراکی و قازی ئەبوحامید مورۆزی کردووە، ئیبن کاج بوو بە شرع زانیکی دیاری شافیعی لە ناوچەی خۆیدا و بە زانست و شارەزایی لەم مەکتەبە فیکرەدا ناوبانگی دەرکردوە. ئیبن کاج چەندین بەرهەمی لەسەر فیقهە نووسیوە، ناوبراو بە باڵاتر لە فەقێیهە دیارەکانی شافیعی سەردەمی خۆی دادەنرا، بەتایبەتی ئەبو حامید ئەسفەراینی کە لە بەغدا دەژیا، ئیبن کاج تێگەیشتن و زانیارییەکی قووڵتری لە مەزهەبی فیکری شافیعی هەبوو، سمعانی ئاماژە بەم ڕاستییە دەکات و دەڵێت: کاتێک شێخ ئەبو عەلی سنجاری دوای ڕۆیشتنی بو لای شێخ ئەبو حامید و شایەتحاڵی زانست و فەزیلەتەی بوو فەرمووی: ئەی مامۆستا، ناوەکە هی ئەبو حامیدە، بەڵام زانستەکە هی تۆیە، لە وەڵامدا وتی: بەغدا بەرزی کردەوە، لە کاتێکدا دینەوەر نزمی کردم (عبدالباری عزیز عثمان، الكورد و مذهب الشافعي، 2021: 9).

### 3-4 مەولانا خالیدی نەقشبەندی:

مەولانا خالید نەقشبەندی ساڵی ١١٩٩ه لە شاری قەرەداغ لە دایک بووە، هەر لە منداڵییەوە زانستە ئاینیەکانی خوێندووە، لە شاری سنە مۆڵەتی زانستی لە شێخ محمد قاسم مەردوخی وەرگرتووە، سەردانی ماڵی پیرۆز و مەزاری پیرۆزی پێغەمبەری خوای کردووە شاری سلێمانی بەرەو نیودەلی پایتەختی هیندوستان بەجێهێشتوە، دوای ساڵێک لە خزمەتی شێخ عەبدوڵڵا دهلەی، مۆڵەتی پەیڕەوکردنی فەرمانی نەقشبەندی وەرگرتووە و گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان و بۆ جاری دووەم چووە بەغدا، لە ساڵی 1228م پارێزگاری بەغدا قوتابخانە و خانەقایەکی بۆ دروست کردووە، لەم خانەقایە وانەبێژ بووە و تا ئێستاش بە تەکەیی خالیدی ناسراوە، هێشتا فێرکردن و ڕێنماییکردن لەوێ بەردەوامە.

خەڵک لە ئەفغانستان، هیندستان، ئێران، عێراق، تورکیا، سوریا و کوردستان بەیعەتی پێدەدەن و تەریقەیان لەم زانا کوردە وەرگرتووە، لە هەموو بەشەکانی جیهانی ئیسلامیدا ملیۆنان مورید و قوتابی و شوێنکەوتووی هەیە، تەریقەتی نەقشبەندی نوێ کردەوە و لە ساڵی ١٣٣٨ه ، چووە ناو شام و سەفەری بۆ قودس کرد و لەوێ شاگردی هەبووە، شەوی چوارشەممە ١١ی زولقەعدەی ساڵی ١٢٤٢ه، لە ولاتی شام بەهۆی تاعونەوە کۆچی دوایی کردووە (مودەریس، یادی مەردان، ١٩٧٩: ٧-٥٣).

### 3-5 مامۆستا محمد فەیزی (موفتی زەهاوی):

مامۆستا محمد فەیزی زەهاوی کوڕی مەلا ئەحمەد لە نەوەی فەقێ ئەحمەد دارەشمانی پشدەری و نەوەی ئەمیرەکانی بابان بووە، نازناوی فەیزی بۆ خۆی وەرگرتوە، دواتر لە بەغدا بووە بە موفتی

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):**1813-0852, **ISSN (Online):**2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/**, **Conferance Name[**Kurdish scholars in Baghdad were pioneers of thought and sources of knowledge.], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12389]
- **Submission Date:** [2026/1/16], , **Accepted Date:** [2026/2/21], **Published Date:** [2026/8/2]

و به موفتی زەهاوی ناسراوە، زەهاو، ناوچەیەکە لەسەر سنووری ئێران بەرەو خانەقین، باوکی لە سلێمانییەوە ڕووی لە زەهاو کردووە و لەوێ خزم و کەسی هەبوو لە ساڵی ١٢٠٨ه (١٧٩٣م) لە شاری سلێمانی لەدایک بووە، لە مەکتەبەکانی ئایینی ئەوی و لە لای زانای بەناوبانگی ئەو سەردەمە شێخ عەبدوڵڵا خورانی نیشتەجێ بوە فیقهو لۆژیک و بنەماکانی فیقهی خوێندووە و لە لای شێخ مارفی نودەهی هەندێک زانست فێربووە.

دواتر سەفەری شاری سنەی کردووە و لە قوتابخانەی شێخ محمد سەعید تەختی نیشتەجێبوە و زانستە ئایینیەکانی خوێندووە، دوای وەفاتی ئەو ماموستایە دەچێتە لای برا گەورەکەی شێخ قاسم و ماوەیەک لە لای ماوەتەوە و فێری فەلسەفە و ئیلاهیات بووە، پاشان چوتە لای مەلا محەمەدی ئیبن ڕەسووڵ لە شاری مەهاباد و لەوێ خوێندنی تەواوکردووە و مۆڵەتی مەلایەتی وەرگرتووە و گەڕاوەتەوە شاری سلێمانی و لە مزگەوتی عەبدورحمان پاشا کە بە مزگەوتی بابا عەلی ناسراوە وەک مامۆستا دامەزراوە و خۆی بۆ وانەوتنەوە و پەروەردەکردن تەرخان کردووە.

ژمارەیەک خوێندکاری زیرەک، لەوانەش شێخ مستەفا بەرزنجی کوڕە بچوکەکەی بابا ڕەسوڵ و کەسانی دیکە لە دەوری کۆبونەتەوە، دواتر ڕووی لە شاری کەرکوک کردووە و لە مزگەوتی ئەحمەد بەگی نەفتچی کە یەکێک بووە لە پیاوماقووڵەکانی ئەو شارە وەک مامۆستا دامەزراوە و بەردەوام بوو لە وانەوتنەوە و پەروەردەکردن و ناوبانگی دەرکردووە.

کاتێک حاکمی بە غدا چاوی پێیکەوتوە و زانست و حیکمەت و فەزیلەتەی ناسیوە، پێشنیاری کردووە کە بچێتە بەغدا، ساڵی ١٢٥٧ه لە قوتابخانەی سلێمانی لە ناوچەی ڕەسافە وەک مامۆستا دامەزراوە؛ و بە لێهاتوویی بەردەوام بوو لە وانەوتنەوە، خوێندکارانی لە هەموو جیهانەوە ڕاکێشاوە و تا کۆتایی تەمەنی پیروزی وەک مامۆستا ماوەتەوە، پەنجا ساڵی لە بەغدا و ئەوەی تر لە کەرکوک و سلێمانی بەسەر بردووە.

زەهاوی لە ڕێزمان، ڕستەسازی، بلاغە، قافیە، مانا، قسەخۆشی و تێگەیاندن و هونەری ئەدەبی، وتووێژ، ڕەوشتی لێپرسینەوە، حیکمەت، فیقهە، بنەماکانی فیقهە، ئیلاهیات، بیرکاری، فەرموودە و بنەماکانی و لێکدانەوەی قورئان خوێندوویەتی و دوای قۆناغێکی چەقبەستوویی لە عێراق بەتایبەت لە بەغدا، زانستەکانی زیندووکردەوە، خوێندکار و زانا و ئیمام و مامۆستا و بانگخواز و دادوەر و لە هەموو چینوتوێژەکان سودمەند بوون لێی و ڕۆژەکانی بە وانەوتنەوە و شەوەکانی لە گفتوگۆی زانستیدا بە تایبەت لەگەڵ زانایانی سەردانکەر بەسەر بردوە.

کۆبوونەوەکانی شوێنی سوود و ڕۆشنگەری و ڕێنوێنی و بیرخستنەوە و هاندانی زانست و پێشکەوتن بوون، زۆرێک لە ژێر چاودێری ئەودا دەرچوون و زانیارییەکانی وەک ڕووناکییەکی درەوشاوە لەسەر خاک و خەڵکەکەی درەوشاوەتەوە، زۆر خوێندکاری لە لا دەرچوون بو نمونە: مەلا حسێن پشدری دەشتیوی، نووسەری کتێبی «ترشیح الادراک شرح تشریح الافلاک» (تصحیح ادراک: شرح تشریح السموات) کە لە قوتابخانەی ئەعەزمییە وانەبێژ بووە. شێخ عەبدولڕەحمان قەرەداغی ناسراو بە ئیبن خەیات نووسەری چەندین بەرهەم و مامۆستای قوتابخانەی بابا گورگور لە بەغدا. (المدرس، علماؤنا فی خدمة العلم والدین، 1983م: 517- 522).

مەلا محمد کاوانە دووڵی مامۆستای خانەقین، شێخ حەسەن قەرەداغی مامۆستای کفری، مەلا عەبدوڵڵا پیرە باب، مەلا عەلی قزەڵجی مامۆستای دەڤەری موکوریان؛ شێخ عەبدوڵڵا کوڕی شێخ حەسەن و مەلا عیسا خۆشناو هەرتەلی و مەلا ئەحمەد کوڕی مەلاجامی کۆیی، مەلا ئەحمەد دێلێیژە مامۆستای سلێمانی، مەلا ئەحمەد گوێری، مەلا عەلی کوڕی، مەلا عەبدوڵڵا، مەلا عەلی حیکمەت، مەلا ڕەزا مامۆستای کەرکوک ناسراو بە واعیز، مەلا محمد مەحوی مامۆستای سلێمانی و ئەوانی تر... هەر یەک لەو زانا دیارانە لە شوێن و سەردەمی خۆیاندا نوێنەرایەتی کەسایەتیو زانستو کاریگەری موفتی زەهاوییان کردووە و هەریەکەیان کاریگەری خۆیان بەسەر ناوچەیەک لە ناوچە موسڵمانەکاندا درێژ کردەوە (المدرس، علماؤنا فی خدمة العلم والدین، 1983م: 517-522).

لە ساڵی ١٢٧٠ه مامۆستا محەممەد فەیزی زەهاوی لە شوێنی موفتی پێشوو، سەید حاجی محەممەد ئەمین ئەفەندی؛ لە کوردانی دانیشتووی بەغدا دەستنیشانکراوە و لەسەر ڕاسپاردەی پارێزگار گوزلگی ڕەشید پاشا وەک موفتی عێراق ماوەتەوە، تا کۆتایی تەمەنی، واتە تا ساڵی ١٣٠٨ه، ٣٨ ساڵ وەک موفتی کاری کردووە.

موفتی زەهاوی شاعیرێکی درەوشاوە گفتوگو کارێکی یەکلاکەرەوە و قەناعەتپێکەربوو چەند جار لە مشتومڕەکاندا بەڵگەی نەیارەکانی پوچەڵ کردوتەوە بەرەو نائومێدی بردونی لەم بارەیەوە گوتوویەتی: ئێمە لە مەجلیسی گشتیدا قسەی ڕاست دەکەین و لە سەرزەنشتی هیچ ڕەخنەگرێک ناترسین و بە عەقڵ درۆ پوچەڵ دەکەینەوە، موفتی دوای تەمەنێ خزمەتکردنی ئیسلام و موسڵمانان و بڵاوکردنەوەی زانست و پێگەیاندنی زانایان و بەرەنگاربونەوەی نەزانی لە ساڵی ١٣٠٨ه لە تەمەنی سەد ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە.

موفتی 10 کوڕی هەبووە، زاناترینیان شێخ سەعید، باوکی سەید ئەمجەد زەهاوی کە گەیشتوەتە پلەی موفتی و شوێنی موفتی گرتوەتەوە، هەم خاوەنی فەزیلەتی زانستو هەم کردەوەی چاک بووە و ماوەیەکی زۆریش خزمەتی ئایینی ئیسلامی کردووە، شاعیری ناودار سەید ئەمجەد زەهاوی لە کاتی مردنی باپیریدا تەمەنی نزیکەی شەش ساڵ بوو، (المدرس، علماؤنا فی خدمة العلم والدین، 1983م: 517- 522).

شێخ ڕەزا تاڵەبانی لە ستایشی موفتی زەهاوی دا فەرمویەتی:

مومکین نیە ئیدراکی حە قائیق بە تەواوی        مومکین نیە ئیدراکی نەکا زیهنی زەهاوی

(ئیبراهیمی، ژیناوەری زانایانی کورد لە جیهانی ئیسلامەتی، 1364ه ش: 215).

## 3-6 مەلا ئەحمەد مۆدەڕیس ئالانی:

مەلا ئەحمەد مودەریس ئالانی ساڵی ١٢٣٠ه لە گوندی بێژویی ئالانی سەردەشت لەدایک بووە و لە هەمان گوند لە ساڵی ١٣٠٠ه وەفاتی کردووە (حکیم زادە، سردشت در آینە اسناد تاریخی، 1383: 271). دوای ساڵانێک لە خوێندن و بەدواداچوونی زانست لە شارو گوندەکانی کوردستان، لە ساڵی ١٢٦٧ه لە بەغدا خوێندوویەتی و لە خزمەتی زانای سەردەم موفتی زەهاوی

دەرچووە و مۆڵەتی زانستی وانەوتنەوەی وەرگرتووە (ئەحمەد مەلا ساڵح مەلا نەجیب، خواناسان و زانایان و ناودارانی کورد، ناوچەی ئالانی سەردەشت و پشەدەر، بەرگی یەکەم ٢٠٠٦م، / ٧-٨).

مەلا ئەحمەد دوای تەواوکردنی خویندن گەڕاوەتەوە بۆ زێدی خۆی لە بێژوەیو تا کۆتایی تەمەنی وانەبێژی و پراکتیزەکردنی زانستی کردووە، ڕاهێنانی بە دەیان زانای ناودار کردووە کە تێبینیو حاشییەی لەسەر زانستە جۆراوجۆرەکان لە گرنگترین کتێبە زانستییە باوەکانی ئەو سەردەمە لە بەردەستن (بێژوەیی، جوتە برا و مودەرسی بێژوی، مەلا محمد و مەلا ئەحمەد، ٢٠١٩م: ٧٦-٩٠).

## 3-7 مامۆستا مەلا موحەمەد قزەڵجی:

مەلا محمد کوڕی مەلا محمد حسێن کوڕی مەلا عەلی قزەڵجی لە دەوروبەری ساڵی ١٨٩٥م لە گوندی تورجانی سەر بە قەزای سەقز لە دایک بووە، لە ماڵەوە لە ژێر چاودێری باوک و باپیری مەلا عەلی قزەلجی بە ڕێزگرتن و کەرامەت و کەسایەتییەکی بەرزو پابەند، پەروەردە بووە، پیاوێکی ژیر و ئیرادەدارو شارەزا بووە، بە باشی ئاشنای خەڵک و پێگەی کۆمەڵایەتییان بووە، هەوڵی چاکسازی لە سیستەمی پەروەردەی ناوچەکەدا داوە، بەڵام هەلومەرج ڕێگەی پێنەداوە و بڕیاریدا سەفەری قاهیرە بکات و بۆ ماوەی ساڵێک لەوێ دەمێنێتەوە و بەشداری لە کۆبوونەوە زانستییەکان دەکات و گوێی لە وانەی قوتابخانە گرتووە و بەشداری وانەبێژەکانی کردووە، ڕۆشنبیرێکی زۆری وەدەست هیناوە و گەڕاوەتەوە عێراق.

کاتێک دەگاتە کەرکوک، تێدەگات کە ناتوانێت بگەڕێتەوە بۆ کوردستان و زێدی خۆی لە مەهاباد، بۆیە دەچێتە بیارە و وەک میوان لای شێخ عەلائەدین نزیکەی سێ مانگ دەمێنێتەوە و بە ڕێزێکی زۆرەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، پاشان وەک ئیمامێک ڕووی لە گوندی سەراو لە ئالان کردووە. لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٣١م زانییویتی کە شێخ بەرەو بەغدا دەڕوات، چوتە بەغدا و لە خانەقای خالیدیە ماوتەوە لە سەردەمی فەیسەلی یەکەمدا وەک مامۆستا لە مزگەوتی حسێن پاشا و وەک ئیمام لە مزگەوتی بەشار ئەلحافی دامەزراوە، لە خانەقای گیلانی و زانکۆی بەغدا وانەبێژ بوە تا لە ساڵی ١٩٥٩م، کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی گشتی ئەعزەمییە بە خاک سپێردراوە (المدرس، علماؤنا فی خدمة العلم والدين، 1983م: 522- 523).

قزەڵجی ڕۆژنامەنووس و هاوکارێکی ڕاپەڕینی ئیسماعیل ئاغای سمکۆ و مامۆستای پێشەوا قازی محمد بووە، بڕوانامەی خوێندنی نێودەوڵەتی لە زانکۆی ئەزهەر وەرگرتووە، مامۆستا بووە لە فاکەڵتی شەریعەت و دارالعلوم لە بەغدا، یەکێک بووە لە حەوت دامەزرێنەرانی ئیخوان و مامۆستای دەیان زانا و بیرمەندی دیاری عێراقی بووە، سەرۆکی ڕێکخراوی ئیرشادی موحەمەدی و ئەندامی کۆمەڵەی زانایانی عێراق و برایەتی ئیرشاد و کۆمەڵەی پاشەکەوتکردنی پارە بووە، دەیان وتاری بە زمانی کوردی بۆ وێستگەی کوردی لە بەغدا نووسیوە (عومەر عەبدولعزیز، مەلا محمد قزڵجی، ٢٠١٥م: ٤٩٠-٤٩٣. ئەحمەدیان، پێشەنگی دەرەکی، مێژوی زانایانی ئایینی موکریان، ١٤٠٠ه ش: ١٧٧-٢٠٩).

## 3-8 ئەمین زەکی بەگ :

محمدئەمین زەکی بەگ لە سالی 1880م لە شاری سلیمانی لە دایک بوە کەسایەتیەکی دیاری کوردە و لە سەردەمێکدا کە حکومەتی عێراق پێویستی بە شارەزای سیاسی و سەربازی هەبوو، خزمەتێکی بەنرخی لە عێراقی نوێدا پێشکەشکردووە دۆست و ئازیزانی هانیانداوە و ڕێگای گەڕانەوەی عێراقیان بو خۆش کردووە، لە ٢٤ی تەمووزی ١٩٢٤م لە ئەستەنبوڵەوە بۆ بەغدا بە شێوەیەکی هەمیشەیی گەڕاوتەوە، قۆناغێکی نوێ لە ژیانی دەست پێکرد بۆ ئەوەی وەک مامۆستا لە کۆلێژی سەربازی و دواتر وەک بەڕێوەبەری کۆلێژ و ناوەندی مەشقی سەربازی، لە مانگی تەمموزی ساڵی ١٩٢٥م بە پلەی عەقید لە سوپای عێراقدا بەرزکراوەتەوە، لە کاتێکدا پێشتر لە سوپای عوسمانیدا ئەو پلە و شەرەفانەی بەدەستهێنابوو.

زەکی بەگ لە ماوەی ساڵانی درێژخایەنی خزمەتی لە سوپای تورکیادا بە لێهاتوویی، زیرەکی، دڵسۆزی و ئەزموونی خۆی ناسرابوو، بە چەندین دیکۆرات و مەدالیای سەربازی ڕێزی لێگیراوە، لەوانە مەدالیای جەنگ (١٩١٦)، مەدالیای زیوینی شایستەیی (١٩١٦)، خاچی ئاسنی ئەڵمانی، پلە دوو (١٩١٧)، خاچی ئاسنی ئەڵمانی، پلە یەک (١٩١٨)، مەدالیای جەنگی نەمسا (١٩١٧) و نوێنەری دیار و ئەندامی پەرلەمانی عێراق بووە، لە ساڵی 1948م وەفاتی کردووە (بريز عباس علی، المؤرخون الكرد فیالعراق، 1921- 1958، 2015م: 94-98). .

## 3-9 مامۆستا مەلا هادی ئەفخەمزادە:

عەلامە مەلا عەبدولهادی ئەفخەمزادە (سەرا) یەکێکە لە زانا پلە یەکەکانی کوردستان، کە زۆربەی خوێندنی لە مەهاباد و بەغدا لە لای مامۆستا مەلا محەممەد تورجانیزادە خویندوە و زۆرترین سوودی لە زانست و دنیابینییەکەی بینیوە، دەیان ڕیسالە و بەرهەمی ناوازەی پێشکەش بە کۆمەڵگا کردووە ئەفخەمزادە هاوشێوەی مامۆستای خۆی، بیرۆکەی بەرەنگاربوونەوەی خورافاتی هەبوو و کەسێکی بیرمەند و مۆدێرن بووە (افخم زاده، 1395، مجموعه مکتوبات و مکاتبات استاد ملا عبدالهادی افخم زاده، ج 1. علیار، پیر پرچمدار- اصلاحات دینی در کردستان ایران، 2024 م: 24- 25).

## 3-10 مامۆستا مەلا عەبدولکەریم مودەڕیس:

عەبدولکەریم، کوڕی موحەمەد، لە گوندی تەکیە نیزیک ناوەندی قەزای خورماڵ، لە عەشیرەتی قازی لە مانگی ڕەبیع الاول، لە بەهاری ساڵی ١٣٢٣ه لەدایک بووە، دەستی بە خوێندن کردوە و قورئانی پیرۆز و چەند کتێبێکی کورتی ئایینی لەبەر کردوە، باوکی

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):**1813-0852, **ISSN (Online):**2617-3034
- **Journal Websitehttps[://sjh.univsul.edu.iq/](https://sjh.univsul.edu.iq/)**, **Conferance Name[**Kurdish scholars in Baghdad were pioneers of thought and sources of knowledge.], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12389]
- **Submission Date:** [2026/1/16], , **Accepted Date:** [2026/2/21], **Published Date:** [2026/8/2]

وەفاتی کردوە. لە خوێندن بەردەوام بووە جەنگی جیهانی یەکەم هەڵگیرساوە و سەفەری بۆ سلێمانی کردووە، سەرەتا لە مزگەوتی مەلکەند و پاشان لە مزگەوتی مەلا محەمەد ئەمین بالیکداری لە گەڕەکی سەرشەقام ماوەتەوە.

کاتێک نیشانەکانی وشکەساڵی توند دەرکەوتوە، لە سلێمانیەوە گەڕاوەتەوە بۆ هەورامان ولە ژێر چاودێری ماددی و مەعنەوی شێخ عەلائەدین، فێری ڕێزمان و لۆژیک، ئادابی لێکۆڵینەوە و ڕوونکردنەوە لە فەلەکناسی و فیقەدا بووە، دواتر بە فەرمانی شێخ، گەڕاوەتەوە بۆ بیارە بۆ لای زانای گەورە، مەلا موحەمەد سەعید عوبەیدی، پاشان چووتە لای زانا مەلا مەحمود باڵک و بۆ ماوەی هەشت مانگ ئەرکەکانی شێخ مارفی نۆدەی خوێندوە و دەستی کردووە بە شەرح عقائد نەسەفی و بە فەرمانی شێخ عەلائەدین گەڕاوتەوە بۆ بیارە کە ماوستا مەلا ئەحمەد ڕەششی مامۆستا بوە.

لە ساڵی 1340ی کۆچیدا چووتە شاری سلێمانی خانەقای مەولانا خالید، لە لای زانای بەناوبانگ شێخ عومەر ئیبن قەرەداغی، ئاسۆی نوێ کراوەتەوە لە بەدەستهێنانی زانستو خوێندنو لێکۆڵینەوە و نووسینی تێبینی و ڕوونکردنەوە، قووڵترین بەرهەمەکانی بەلاغە و ڕێزمانی لا خوێندەوە و لەلای ئەوەوە تەفسیری کتێبی "البورهانی" خویندوە، لەگەڵ تێبینییەکانی عامیلی و ڕیسالەی ژمێریاری، کتێبی "ئشکال التاسیس" لە ڕووی هە ندەسوە، کتێبی "تەقریب المەرام"، شرۆڤە یەک بۆ "تەزیبوالکلام" لە بنەماکانی ئایین، "جمع الجوامع" لە بنەماکانی فیقهە و "ئیسترلاب"، و "ربع الدایرە" و شرۆڤەی لاری لەسەر کتێبی "قازی" لە فەلسەفەدا، لەگەڵ تێبینییەکانی شێخ عەبدولقادر موهاجیر خوێندووە.

سوودێکی زۆری لەو تێڕوانینانە وەرگرتوە، دوایی فەرمانی پێکراوە مۆڵەتی ئەکادیمی وەربگری و لە ساڵی ١٣٤٣ە، لە مانگی شەعبان، لە وەرزی بەهاردا، لە کۆبوونەوەیەکی گەورەی زانایانی گەورەدا، مۆڵەتی مەلایەتی وەرگرتوە. پاشان چوتە گوندی نێرگسەجار نزیک هەڵەبجە، قوتابیەکان لە دەوری کۆبونەوە، بازنەی سود بۆ قوتابیانو خزمەتکردن بە موسڵمانان فراوانتر بووە، تا کۆتایی ساڵی ١٣٤٧ی کۆچی لەوێ ماوتەوە، شێخ عەلائەدین ڕێزی لێگرتوە بە دانانی مامۆستا لە خانەقای بیارە، قوتابیەکان کۆبوونەوە و بە باشترین شێوە دەستی کردوە بە وانەوتنەوە، لە زۆری کتێبە جۆراوجۆرەکانی بەردەست سوودی وەرگرتوە، کە هەموو بابەتێکیان تێدابوە.

نزیکەی سەد خوێندکار بە گەنجو پیر لە خانەقای بیارە کۆبوونەوە، لە سەردەمی وانەوتنەوەی لە بیارە، لە ساڵی ١٣٤٧ تا ١٣٧١، سەرکەوتوو بووە لە پێدانی پەروەردەی دروست، نزیکەی چل و پێنج خوێندکار لەو ماوەیەدا دەرچوون، هەریەکەیان ئاستێکی زانستی گونجاویان هەبووە بۆ وانەوتنەوە و سوودگەیاندن بە کەسانی دیکە، لە بەهاری ساڵی ١٣٧١ی کۆچی چووتە شاری سلێمانی و لە مزگەوتی (حاجی حان) لە گەڕەکی مەڵکەندی وەک مامۆستا دامەزراوە، سەرەتای هاوینی ساڵی ١٣٧٤ی کۆچی چووتە شاری کەرکوک.

لەوێ ماوتەوە تا لە بەغدا ئاگاداری کۆچی دوایی مامۆستای بەڕێز، خوالێخۆشبوو شێخ محمد قزڵجی، مامۆستای قوتابخانەی گیلانی بووە، چووتە بەغداو داواکاری بۆ پۆستی ئیمام پێشکەش کردوە، هەروەک هیوای بو خواستوە، لە مزگەوتی شێخدا وەک مامۆستا دامەزراوە، ژمارەیەکی زۆر لە خوێندکاران لە وڵاتانی جاوا، تورکیا، مەغریب، جەزائیر و خودی عێراق، بە هەردوو جۆری عەرەب و کورد، لەوێ کۆبوونەوە، دوو مامۆستای تریش لەگەڵی هاوکاربوون: یەکەمیان حاجی عەبدولقادر خەتیب و دووەمیان کەمالەدین تائی، ئەم پرۆسەیە تا ساڵی ١٩٧٣م. بەردەوام بووە لەو کاتەدا بەپێی ڕێوڕەسمەکان خانەنشین بووە بەڵام نەوە بەڕێزەکانی شێخ، بە سپاردنی ئەرکی مانەوە لە مەزارگە بۆ دەرکردنی حوکمی ئایینی بە موسڵمانان و پیش نوێژی یکردنی نوێژی نیوەڕۆ و پاشنیوەڕۆ، ڕێزیان لێگرتوە (المدرس، علماؤنا فی خدمة العلم والدین، 1983م: 324- 332. چراغی، دانشنامه برخی از مشاهیر علمای کورد، 1402 ه: 271- 281).

شایانی باسە مامۆستا مەلا عەبدولکەریم مودەڕەس تا 2005/8/30 لە ژیاندا بوو و درێژەی بە خزمەتەکانی بۆ ئیسلام و موسڵمانان دا و بۆ ماوەی 29 ساڵ لە ساڵی 1975 تا 2003م سەرۆکی یەکێتی زانایان و موفتی عێراق بوو (میرزائی، مدرس نامه، 1396 ه: 129).

## 3-11 پرۆفیسۆر مستەفا زەڵمی:

دکتۆر مستەفا ئیبراهیم زەڵمی لە ساڵی 1924 م لە گوندی زەڵم سەر بە ناوچەی هورامان لەدایک بووە، بۆ بەدەستهێنانی زانستی ئایینی بۆ زۆرێک لە شار و گوندەکانی ئێران و عێراق گەشتی کردوە تا ساڵی 1946 ئیجازەی مەلایەتی ورگرتوە، دوای نۆ ساڵ وانەوتنەوە چووەتە ناو سوپای عێراقەوە لە بەغدا، و بۆ ماوەی حەڤدە ساڵ بەرپرسیارێتی وانەوتنەوە و کاروباری ئایینی لە سوپادا لە ئەستۆ گرتووە. لە قوتابخانە نوێیەکان درێژەی بە خوێندن داوە تا لە ساڵی ١٩٦٨ بڕوانامەی ماستەری لە زانکۆی بەغدا وەرگرتووە، لە ساڵی ١٩٧٥ بڕوانامەی دکتۆرای لە فیقهی هاوچەرخ لە زانکۆی ئەزهەر لە میسر وەرگرتووە، ساڵی 2005م دکتۆرای لە یاسا لە زانکۆی بەغدا وەرگرتووە، زیاتر لە پەنجا بەرهەمی بەنرخی لە بواری یاسا و لێکۆڵینەوە لە قورئان و فەلسەفە نووسیوە، سەرپەرشتی زیاتر لە 100 تێزی ماستەر و دکتۆرای کردووە.

ساڵی 1993م خەڵاتی توێژینەوەی زانستی عێراقی وەرگرتووە، ساڵی 2002 خەڵاتی زانستی بەدەستهێنا، لە ساڵی ١٩٨٧ پلەی پرۆفیسۆری وەرگرتووە و لە ساڵی ٢٠١٣ لەلایەن زانکۆی ئەزهەر لە قاهیرە مەراسیمێک بۆ یادکردنەوەی ئەم زانا گەورەیە بەڕێوەچووە، دواجار لە ساڵی ٢٠١٦ و لە تەمەنی ٩٢ ساڵیدا، دوای تەمەنێک لە وانەوتنەوە و لێکۆڵینەوە، لە شاری هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان کۆچی دوایی کرد و لە زێدی خۆی لە زەڵم بە خاک سپێردرا (زەڵمی، ٢٠١٤م: کاروانی ژیانم. ئەحمەدیان، ٢٠١٦م: پرۆفیسۆر مستەفا زەڵمی، گۆڤاری مەهاباد، جوزەردان، ژمارە ١٨٣).

## 3-12 ئەنجام:

کورد بەشداری لە بنیادنانی شارستانیەتی ئیسلامیدا کردووە و بە درێژایی مێژووی شکۆمەندی خۆی، شایەتحاڵی زیندووی لە لقە جۆراوجۆرەکانی زانستدا پێشکەش کردووە و خۆشەویستی خۆی بۆ زانستو ئیسلام و بەرگریکردن لە ئایینی ئیسلامی نیشانداوە، لە ئاستی جۆراوجۆری ئایینی، فەرهەنگی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و سەربازیدا ڕۆڵی گرینگی هەبووە و ڕۆڵێکی کاریگەرو

جیاکەرەوەیان لە گەشەسەندنی شارستانیەتدا بووە، لەگەڵ شارستانییەتە دراوسێکاندا مامەڵەیان کردوە، لە وەرگرتن و پێداندا بە تایبەت لە بواری زانستیدا.

سەدان زانای دیاری جیهانی ئیسلامی بە ئامادەبوونی زانایانی کورد فێری زانستەکان بوون و بە ڕادەی پێویست سوودیان لە دەریای بێسنووری مەعریفەتو ئەخلاق وەرگرتووە، ناکرێ لەم کورتە وتارەدا باسی ئەو زاناو پسپۆرانە بکرێت؛ و تەنانەت بێ ڕوحمی ڕۆژگار ناو و تایبەتمەندی هەندێکیانی لەبیرکردووە، هەروەک دەردەکەوێت کە لە زۆربەی قۆناغەکانی بەغدادا زانایانی کورد ڕۆڵێکی سەرەکی و گرنگیان هەبووە و زۆربەیان یەک لە دوای یەک لە پێگەی موفتی گەورەدا بوون و لە فێرکردن و پەروەردەکردنی زانایانی ئایینی لە قوتابخانەی نیزامییە تا ئێستا، درێغییان نەکردووە لە خزمەتکردنی ئیسلام و موسڵمانان بە هەموو شێوەیەک.

دوایین موفتی عێراق، مامۆستا مەلا عەبدولکەریم مودەریس، لە سەردەمی دیکتاتۆری سەدامدا بە کەرامەت و شانازییەوە هەڵسوکەوتی کردوە، و خوی نەدوراندوە، لەبەردەمیاندا بەرگری لە پیرۆزی دین و شەریعەت کردوە، ئێستا کە موفتی کورد لە بەغدا نەماوە، سەرۆک کۆماری کورد هەیە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە کورد لە زانست و مەعریفەدا لە لوتکەدایە.

## 3-13 پێشنیار:

ئەو بیرۆکەیە کە باس لە زانایانی کورد لە بەغدا لە کۆنفرانسێکی زانستیدا بکرێت و بە توێژینەوەی زانایان دەوڵەمەند بکرێت جێگەی خۆشحاڵی و دەست خۆشیە بەڵام کوردی خۆشی نەدیو ئاوارەی وڵاتان لە هەموو پایتەختەکانی کۆن و نوێی ناوچەکە و لە شارە گرنگەکان ئامادەبوونی بەرچاوی بووە و بەهۆی لێهاتوی نەیتوانیوە لە ماڵی خۆی دانیشێت، بۆتە هۆی ئاوەدان کردنەوەی ماڵی خەڵک، بەو هیوایە هەر ئەو کارە پیرۆزە درێژەی پێبدرێت بۆ کوردانی شیراز، ئیسفەهان، تاران، دیمەشق، حەلەب، ئیستانبوڵ، ئانکارا، باکوو، ئیرەوان و مۆسکۆ و... لەوەش زیاتر بە شوێن پەرتووکی باب و باپیرانمان و زانایانی کورد لە پەرتووک خانەکانی ئەوروپا و ئەمریکادا بگەڕێین کە بە تاڵان براون و ئێمە تا ئێستا لێیان بێبەشین.


**ملخص**

منذ تأسيس بغداد، استقر الأكراد في المدينة لسببين رئيسيين، أولهما أن أحفادهم، الذين أصبحوا ركيزة أساسية للحضارة الإسلامية، باتوا يشكلون ركيزة أساسية للمدينة، لاسيما مع تأثيرهم الكبير في مجال الدين والتصوف، حيث أصبحت بغداد مركزًا حيويًا للحضارة الإسلامية، مما أثر بدوره على مكانة العلماء الأكراد فيها.

وقد برز دور العلماء الأكراد في بغداد كمعلمين ومتعلمين في مختلف فروع العلوم، وخاصة في الشريعة الإسلامية ونشر المذهب الشافعي ويمكن القول إنه على الرغم من كون بغداد عاصمة عربية، إلا أن تأثير التركيبة الكردية على علماء المدينة وحكامها كان بارزًا عبر تاريخها.



**الكلمات المفتاحية**: الإسلام، الأكراد، العلماء، العلم، بغداد، القمة.



## Abstract

Since the founding of Baghdad, Kurds settled in the city for two main reasons. First, their descendants, who became a cornerstone of Islamic civilization, formed a fundamental pillar of the city, particularly due to their significant influence in the fields of religion and Sufism. Baghdad became a vital center of Islamic civilization, which in turn affected the status of Kurdish scholars there.

The role of Kurdish scholars in Baghdad was prominent as both teachers and students in various branches of knowledge, especially in Islamic law and the dissemination of the Shafi'i school of thought. It can be said that although Baghdad was an Arab capital, the influence of the Kurdish population on the city's scholars and rulers was evident throughout its history.



**Keywords**: Islam, Kurds, scholars, knowledge, Baghdad, peak.


## 2-14 سەرچاوەکان:


1-ئیبراهیمی، محمد سالح (شەپول) (1364 ه- ش): ژیناوەری زانایانی کورد لە جیهانی ئیسلامەتی یا گەنجینەی فەرهنگ و زانست، چاپخانە مهارت، تهران.

2- ئەحمەد مەلا ساڵح مەلا نەجیب، (2006 م): خواناسان و زانایان و ناودارانی کورد، بەرگی یەکەم.

3- ئەحمەدیان، محەممەد، (1400ش): پێشانگای بیر و باوەڕ: مێژووی زانایانی ئایینی موکریان، انتشارات کردستان، سنندج.

4- ئەحمەدیان، موحەممەد، (1395ش): پرۆفیسۆر مستەفا زەڵمی، گۆڤاری مەهاباد، جۆزەردان، ژمارە، 183.

5- افخم زاده، (1395ه ش): مجموعه مکتوبات و مکاتبات استاد ملا عبدالهادی افخم زاده، به کوشش عبدالعزیز افخم زاده، چاپ اول، انتشارات آراس.

6- بریز عباس علی (2015 م): المؤرخون الكرد فی العراق 1921- 1958، الطبعة الأولی، رساله ماجستر فی كلية اداب، قسم التاريخ، فی جامعة منصوره، جمهورية مصر، مطبعة كەنج، سليمانيه.



- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):**1813-0852, **ISSN (Online):**2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/**, **Conferance Name[**Kurdish scholars in Baghdad were pioneers of thought and sources of knowledge.], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12389]
- **Submission Date:** [2026/1/16], , **Accepted Date:** [2026/2/21], **Published Date:** [2026/8/2]

7- بێژوەیی، عومەر محەممەد عومەر، (2019 م): جووتە برا و مودەرریسی بێژوێی، مەلا محمد و مەلا ئەحمەد، چاپخانەی زانا، سلیمانی.
8-البرواری، حسین ملا زکی محمد، (2013 م): دور علماء الکورد فی نشر المعارف الاسلامیة و بناء الحضارة االانسانیة، اقلیم کوردستان، قسم الدراسات الاسلامیة، فاکلوتی العلوم الانسانیة، مجلةجامعة زاخو، العراق. صص: 112- 129.
9-چراغی، محمد رسول، (1402ه ش): دانشنامه برخی از مشاهیر علمای کورد، نشر تافگه، سنندج.
10-رجاء مهدی الاشهب، (2022 م): برهان الدین الجعبری وآثاره العلميّة فیالعصر العباسی، کلیة الدراساة العلیا، رسالة ماجستر، جامعة الخلیل، فلسطین.
11-حکیم زاده، فریدون، (1383 ه ش): سردشت در آینه اسناد تاریخی.
12-الدخیل، سلیمان، (2003 م): الفوز باالمراد فی تاریخ بغداد؛ تقدیم و تعلیق، الدکتور محمد زینم محمد عزب، دار الافاق العربیة.
13-زڵمی، موستەفا ئیبراهیم، ( 2014 م): کاروانی ژیانم، چاپی یەکەم.
14-نوال ناظم محمود؛ وفاء عدنان حمید: (2017 م) دور علماء الکرد فی الحیاة العلمیة فی العصر العباسی الثانی جامعة بغداد/ كلیة الآداب/ قسم التاریخ
15-عبدالباری، عزیز عثمان، (2013 م): الکورد و مذهب الشافعی.
16-عومەر، عەبدول عزیز، (٢٠١٥): مەلا محمد قزلجی، کتێبخانە سارا، سلیمانی.
17-علیار، ناصر، (2024 م): پیر پرچمدار اصلاحات دینی در کردستان ایران، تافگه، سنندج.
18-گواری، ابوالفضل سلمانی، ابوذر خسروی، (1400 ه ش): تبیین موقعیت تجاری بغداد در دورهٔ اول خلافت عباسی (132-232 هق)، پژوهشنامه تاریخ تمدن اسلامی سال پنجاه و چهارم، شمارهٔ دوم، پاییز و زمستان، صص 403 – 422.
19-محمودیان، سید مصطفی، (1403ه ش): تصحیح حواشی البیتوشی علی کتاب «مجیب الندا الی شرح قطر الندا» کلیة اللغات، قسم اللغة العربیة و آدابها، رسالة مقدمة لنیل درجة الدوکترا، فی فرع اللغة العربیة، جامعة اصفهان.
20-المدرس عبدالکریم محمد، (1982 م): علماؤنا فی خدمة العلم والدین الطبعة الالی، دارالحریة للطباعة، بغداد.
21-مدرس ملا عبدالکریم، (1979 م): یادی مەردان بەرگی یەکەم، چاپخانەی کوری زانیاری کورد، بەغدا.
22-میرزائی، محمد احسن، (1396 ه ش): مدرس نامه، دانشگاه پیام نور.
23-(یاسین طه، مشاهیر علماء الکرد فی نظامیة بغداد، 2017: 20).
24- https://fa.wikipedia.org/wiki/%D8%A8%D8%BA%D8%AF%D8%A7%D8%AF.

..